کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 19:35 1-8-2007

**تکایە وەزارەت و مەکتەبەکانی مافی مرۆڤ داخەن ... بەناز کوێستانی**

کوردستان وڵاتی دیموکراسی و ئازادی و حکومەتێکی فیدراڵی، وڵاتێك پڕ لە بێ مافی و مافیای بازاڕو کەل و پەلی ئێکسپایەر، وڵاتێك ئەوەی کەنرخی نییە تیادیا تەنهاو تەنها مافی مرۆڤە، ڕۆژانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر مرۆڤ لەم وڵاتەدا تووشی دەست درێژی لێدان و ئیهانە دەبنەوە، چەندە مرۆڤ دەکوژرێت و بێ سەرو شوێن دەکرێت، چەندەها منداڵ لەسەر شەقامەکان کاری ناشەرعی و قورسیان پێ دەکرێت، چەندەها لاو بێ ئیش و کار بەسەر شەقامەکاندا دەسورێنەوەبەبێ ئەوەی شوێنیچك هەبێت بۆ حەوانەو جێگەی یاری و ... هت، چەندەها ژن دەکوژرێت و بێ سەرو شوێن دەکرێت و بکوژەکانیان بەئازادی لەشەێنە گشتیەکاندا هاتوو چۆدەکەن بەبێ ئەوەی پێیان بڵێن پشتی چاوتان برۆیە، ڕەوشی مافی مرۆڤ لەکوردستاندا ڕۆژ بەرۆژ بەرەو هەڵدێر دەڕوات، لەسەر حسابی چینی هەژاران و فەرمانبەران چەندەها کەس دزی و گەندەڵی دەکات و خۆی پێ دەوڵەمەند دەکات، ئەوەی حسابی بۆنەکرێت ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانن، بەرپرسەکان کەچاویان بەڕۆژنامە دەکەوێت چاویان دەنوقێنن، کەگوێیان لەدەنگی ڕۆژنامەنووسیچك دەبێت، گوێچکەکانیان دەگرن تا گوێیان لەدەنگیان نەبێت، گەورەترین پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەناو زیندان و ئاسایشەکان و شوێنە ئەمنیەکانی حکومەتدا ڕوودەدات، لەیاسای هەموو وڵاتانداوایە کەهەر کەسێك کەدەگیرێت دەبێت دوای حەفتاو دوو کاتژمێر لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت و ڕەوانەی دادگا بکرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر تۆمەت بارە سزای خۆی وەربگرێت و ئەگەر نا ئەوا ئازاد بکرێت و بەبێ تاوان ئازارو ئەشکەنجە نەدرێت، کەچی لەلای ئێمە کەسی وا هەیە شەشە مانگ بەسەر زیندانیەکەیدا دەڕوات کەس لێی ناپرسێتەوە، یان دوای شەش حەوت مانگ، ئازادی دەکەن گوایە تاوانبار نییە یان هیچی بەسەر ساغ نەبۆتەوە، یان بەهەڵە گیراوە، کەئەم ڕەفتارە خۆی لەخۆیدا تاوانە بەرامبەر بەهاوڵاتی، باشە کێ قەرەبووی ئەو کەسە دەکاتەوە کە گیراوەو بێ تاوانە، چ لەلایەنی مادی، کەئەو کەسە بێ ئیش و کار دەبێت و ڕەنگە هەندێك جار ئەرکی خێزانێکی گەورەشی بەسەردا کەوتبێت، یان لەلایەنی مەعنەوی ئیرادەوە کێ جارێکی تر ئەو کەسە ئامادە دەکاتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە، تا جارێکی تر خەڵك بەچایو مرۆڤایەتیەوە بڕواننەوە لێ، نەك بەچاوی تانەو تەشەر.

هەموو دەزگاکان پێویستیان بەکەسایەتیەکی جەنتەڵمان هەیە بۆ بەڕێوەبردن و بڕیار دان لەماوەیەکی کەمدا بۆ هەموو کێشەو گرفتەکان، چونکە ناکرێت بۆ هەموو بڕیارێك پشت بەسەرووی خۆمان ببەستین بگەڕێینەوە بۆ سەرۆکایەتی، چونکە ئەوە کاری سەرۆکایەتی دەوڵەت نییە، بەڵکو کاری کەسایەتیەکی بەهێزە بۆ بڕیاردان و نەهێشتنی ئەو بێ مافی و پێشێکردنی مافەکانی هاوڵاتیان.

لەم هەموو کێشانەدا، کەلەم وڵاتەدا هەیە، کەچی کەسەر دەکەین بە وەزارەت و مەکتەبەکانی مرۆڤدا، دەبینێنی قاچ لەسەر قاچ دانیشتوون و خەریکی خۆ فێنکردنەوەو چا خواردنەوەن، وەك بڵێیت ئەم وڵاتە مێشی میوان نییە، بۆیە جێی خۆیەتی ئەو وەزارەت و مەکتەبانە دابخرێن و لەجیاتی ئەوان دەزگایەکی ئەکتڤ و چالاك دەست بەکار بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.